# سەرەتاکانی هاتنەناوەوەی ئیستعمار بۆ کیشوەری ئاسیا

بەهاتنی سەدەی (١٥) هەم، ئەوروپا لە کۆت و بەندی هەژموونی کلێسە و پیاوانی ئاینی دەرچوو. لەو کاتەدا ئەوروپا بەراورد بە ناوچەکانی ڕۆژهەڵات لە ڕووی شارستانی و سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی، لە دواوەی وڵاتانی ڕۆژهەڵات بوو.

دوای دەستپێکردنی فتوحاتی ئیسلامی لە ناوچە کەناراوییەکانی باشووری ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای دەریای ناوەراست بە کاریگەریی شەڕی خاچ پەرستان کە ماوەی (٢) سەدە بەردەوام بوو، ڕۆژئاواییەکان بە شارستانیەتی موسلمانان ئاشنابوون، کە زۆرینەیان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست بوو. سەربارى ئەوەی ئەوروپییەکان، هەر لەم ڕێگەیەوە، ئاشنایەتیان لەگەڵ (دەریا) دروستکرد، ئەوە سەربارى ئەوەی زۆر شت لە موسلمانەکان فێر بوون، دوای ئەوەی بەهۆی هەڵمەتەکانی فتوحاتی ئیسلامی گەیشتنە سنوورەکانی ئەوروپا، دوای ئەو پەیوەندیانەی لە نیوان هەردوولا دروست بوو لە (ئەندەلوس) و (سقلیە) و بەندەرەکانی وڵاتی (شام) و ڕۆژئاوای عەرەبی.

هەموو ئەوانە بوونە هۆی ئەوەی ئەوروپییەکان، پەرچەکردارێکی توندیان بەرامبەر ڕۆژهەڵات بە گشتی و موسلمانان بەتایبەتی هەبێ، بەتایبەتی دوای دەستبەسەرداگرتنی (قوستنتینیە) لە لایەن موسلمانان.

ئەم بارودۆخە کاریگەری ڕاستەوخۆی هەبوو لەسەر دروستبوونی بوژانەوەیەکی گرنگ و خێرای شارەکانی ئیتالیا، بەتایبەتی (بندقیە) و (جەنەوا). بەهۆی نزیکیان لە کەناراوە عەرەبییەکان، بەو هۆیەوە تەوژمەکە لە ڕۆژئاوای ئەوروپا بڵاوبویەوە.

لە ئەنجامدا چەندین شاری سەربەخۆ، دوور لە هەژموون و دەسەڵاتی دەرەبەگەکان بونیادنران و دروست بوون. ئەمەش کاریگەری راستەوخۆی هەبوو لەسەر گەشەکردنی کەرتی بازرگانی و دەرکەوتنی سەندیکاکانی پیشەگەران. لە ئەنجامی لاوازبوونی هەژموونی دەرەبەگ و بەهێزبوونی هەژموونی پادشاکان. بە هاتنە پیشەوەی ئەم دۆخە، چەندین ئەدیب و زانا و هونەرمەند لەسەردەمی بوژانەوە دەرکەوتن، کە کۆی چالاکییەکانیان لە چەند پرۆسەیەکدا چڕکردەوە، لە مانەش هەڵمەتی (دۆزینەوە جوگرافییەکان) بوو. بۆ گەیشتن بە سەرچاوەکانی سامان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست، بەتایبەتی لە سنووری موسلمانان، لە پێناو قۆرخکردنی ڕێگاکانی بازرگانی نیوان ڕۆژهەڵات و ئەوروپا. لەبەرئەوەی ئەو کەرتە بە شێوەیەکی گشتی لەو کاتەدا لەژێر دەسەڵاتی عەرەبە موسلمانەکان بوو. لە بەرامبەردا ئەوروپییەکان تەنها (بندقیە) یان لەژێر دەست بوو.

بۆیە تاکە ڕێگە بۆ گەیشتنی ئەوروپییەکان بە ناوچەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای ئاسیا، هەوڵدان بوو بۆ دۆزینەوەی ڕێگای نوێی بازرگانی، جیاواز لەو ڕێگەیە بازرگانیانەی لەژێر دەستی عەرەبەکان بوو، بۆ گەیشطن بە (هند) و کەنارەکانی ئەفریقیا. ئەوەبوو (کۆلۆمبس) بە پاڵپشتی ئیسپانییەکان، دەستیکرد بە کاری گەڕان بەدوای دۆزینەوەی ڕێگەیەکی نوێ بۆ گەیشتن بە هیند.

دیارە هەوڵەکانی هەبوون بۆ دەست بەسەرداگرتنی بازرگانی (حەریر) و (بەهارات) و دەرهێنانی لەژێر دەستی عەرەبەکان و خەڵکی بندقیە، سەرەتا لە لایەن ئیسپانییەکان و پورتوگالیەکان دەستی پێکرد، لە ئەنجامی ئەم پرۆسەیەشدا، هێزی ئیستعماری دروست بوون، بە مانا تازەکەی.

## سەرەتاکانی هاتنی ئیستعمار بۆ ئاسیا

تاوەکو سەدەی (١٢)، هیچ جۆرە ڕێککەوتنێک لە نیوان ئەوروپا و ئاسیا ڕووی نەدا، ئەو کاتە سەرباری ئەوەی قوماشی (حەریر)ی چینی بۆ ئەوروپا دەگوازرایەوە، بەڵام هیچ جۆرە پەیوەندییەک لە نیوان ئیمپراتۆریەتی ڕۆمان و ئیمپراتۆریەتی چین نەبوو، تەنانەت هیچ ئاشنایەتیان لەگەڵ یەک نەبوو، تاوەکو سەدەکانی (١٣) و (١٤). دوای ئەوەی مەغۆلەکان بەشی زۆری کیشوەری ئاسیایان داگیرکرد و هەڕەشەیان خستە سەر ئەوروپا، لە دوای ئەم ڕووداوە، ئەوروپییەکان دەستیان بە چەند هەولێک کرد بۆ گۆرینی ئایینی چینییەکان بۆ سەر ئایینی مەسیحی. سەرباری هەوڵدان بۆ ئەنجامدانی ئالوگۆری بازرگانی.

دیارە گەشتی دەریاوانی ئیتالی (مارکۆ پۆلۆ) بەناوبانگترین گەشتی ئەوروپییەکان بوو بۆ (چین) ئەنجام درا. بە ئامانجی بازرگانی. بەو هۆیەوە لەو کاتەدا بازرگانی (حەریر) و (بەهارات) لە نیوان (چین) و ( هیند) لە لایەک و ئەوروپا لە لایەکی دیکە گەشەی کرد. ئەو بازرگانیە بە ولاتانی عەرەبی تێدەپەڕی بۆ بەندەرە ئەوروپییەکان، بە تایبەتی بەندەرە ئیتالییەکان لە (بندقیە) و (جەنەوا).

لە پیناو قۆرخکردنی ئەو بازرگانییە، ئەوروپییەکان بە دیاریکراویش پورتوگالیەکان و ئیسپانییەکان، هەوڵیاندا ڕێگەی نوێ بدۆزنەوە بۆ گەیشتن بە ڕۆژهەڵاتی ئاسیا و باشوورەکەی، لەبەرئەوەی ولاتانی ئاسیا، خاوەنی خیروبێرەکی زۆربوون، بۆیە بوونە هۆی چاوتێبرینی لەلایەن ئیستعمار.

پورتوگالیەکان دەستپێشخەربوون لەو کارەدا. لەسەرەتای سەدەی(١٦)، دەستیان گرت بەسەر ڕێگای بازرگانی نیوان (هیند) و (چین) و یەکەم مەڵبەندی بازرگانیان لە (چین) بۆ خۆیان دامەزراند لە نزیک شاری (کانتون) لە ساڵی (١٥١٥). هاوکات چەندین مەڵبەندی دیکەی بازرگانیان لە (هیند) دامەزراند، دوای دۆزینەوەی ڕێگەی (موسڵ). سەرباری ئەوەی چەندین دوورگەی دیکەیان لە (ئەندەنوسیا) کەوتە ژێر دەستی.

بەم شێوەیە چالاکیە ئیستعمارییەکانی پورتوگال لە ئاسیا، بووە هۆی سەرنج و تێڕامانی ولاتانی ئیستعماری لە ئەوروپا. بۆیە ئەمجارە ولاتانی دیکە لە ئەوروپا هاتنە ناوچەکە وکەوتنە ململانێ لە نێوان خۆیان لە پێناو بەدەستهێنانی سەرچاوە بایەخدارەکانی ئاسیا. ئەوەبوو لەسەرەتای سەدەی (١٧) هەم، هۆلەندییەکان گەیشتنە ناوچەکانی (باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا) و بوونە ڕکابەری پورتوگالیەکان، بۆ قۆرخکردنی بازرگانی لە کەناراوەکانی ڕۆژهەڵاتی چین.

لە هەمان کات، هۆلەندییەکان، توانیان پورتوگالییەکان لە ناوچەکانی (هیند) دووربخەنەوە، دواتر لە کۆتایی سەدەی (١٦) و سەرەتای سەدەی(١٧)هەم، دەزگایەکی بازرگانی گەورەیان لە بەندەری (های مونک)ی ڤێتنامی دروستکرد.

لە لایەکی دیکە (فەرەنسیەکان) و (بریتانییەکان) دەستیان بە هەولەکانیان کرد بۆ دروستکردنی ناوچەی هەژموون و دەستکەوت لە ناوچەکانی (ئاسیا) بە تایبەتی لە (هیند) و (چین)، بە یارمەتی شاندە بازرگانیەکان، کە سەردانی بەندەرەکانی ئاسیایان دەکرد.

کۆمپانیای (هیندی ڕۆژهەڵاتی) بریتانی، لەو کاتەدا چەندین مەڵبەندی بازرگانی لە (هیند) دروستکرد لە ساڵی (١٦٦٨) و (١٦٧٢) لە شارەکانی ( سەراب، کەلکەتا، مەدارس).

لە لایەکی دیکە، لەگەڵ شاندە بازرگانیەکان، چالاکی مژدەدەری ئایینی دەستیپێکرد لە ناوەخۆی چین و هیند و باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا.

دیارە چالاکی مژدەدەری ئەوروپییەکان، بووە هۆی نارەزایی حوکمڕانە خۆجێییەکانی ئاسیا، چونکە پییان وابوو، چالاکی مژدەدەرە ئاینییەکان، سەرەتایەکە بۆ دەستێوەردانی سەربازی ئیستعماری ئەوروپا. بۆیە دژایەتی مژدەدەرەکان دەستی پێکرد. دواجار بە ناچاری لە ساڵی (١٧٥٠) گەرانەوە وڵاتەکانی خۆیان.